

# ئایفۆنی نوێ بەبێ هیچ دوگمەیەک

مۆبایلی ئایفۆن هەر لەسەرەتادا وەك شۆڕشـــێك بوو لە تەكنەلۆژیای نوێدا، چونكــە تەواو لەمســـییە و تەنیا یەك دوگمـــەی هەیە كە پێـــی دەگوترێت دوگمەی Home. بەڵام ئایفۆنی نوێ وەك باس دەكرێت تەنانەت ئەو دوگمەیەشی نییە، ئایفۆنی نوێ كە ڕەنگە ناوەكەی ihpone air بێت، گۆڕانكارییەكی دیكە لە جیهانـــی مۆبایلـــدا دێنێتە پێش، چونكە سەرەڕای چەندین تایبەتمەندی نوێ لە ئایفۆنەكـــەدا بڕیار وایە زۆر تەنكتریش بێت و بـــە جۆرێك تەنیا 4 ملم بێت.

# گەیم پەدێكی وایەرلەیسی ئەندرۆید

سامســـۆنگ لە پێشانگای ســـاڵانەی خۆیدا كە مانگی ڕابردوو لە مالاگای ئیسپانیا دەستی پێكرد، پەردەی لەسەر چەندین بەرهەمی نوێی خۆی هەڵدایەوە، یەكێك لەوانە گەیم پەدێكی وایەرلەیس بوو كە بە تەبلێت و مۆبایل و ئەو ئامێرانەی لە سیستەمی ئەندرۆید سوود وەردەگرن پەیوەند دەدرێت. گەیم پەدە وایەرلەیسەكە كە بە Wireless GamePad ناسراوە بەگشت ئامێرێكی ئەندرۆیدی پەیوەند دەدرێت و كۆنترۆڵكردنی گەیم بەهۆی ئەو گەیم پەدەوە ئاسانە. پەیوەندییەكەش بەهۆی بلوتوسەوەیە. بەڵام دەبێت بۆ ئەوەی كە كێشـــەت نەیەتە پێش ئەپلكەیشنێكی تایبـــەت لەســـەر مۆبایلەكەت یان تەبلێتەكـــەت دابنێی. جگە لە چوار دوگمە گرنگەكە گۆیەكی ئە نا لۆ گۆ یشـــی لەسەرە.



# سپیكەری وایەرلەیس

ســـپیكەر یان بڵندگۆ بۆ مۆبایـــل و تەبلێت ولاپتۆپ ڕۆڵێكی گرنگ دەبینێت، بەتایبەتی بۆ مۆبایل، چونكە ســـپیكەری مۆبایل ئاستی دەنگی نزمە و بۆ ئەوە نابێت كـــە لەمـــەودای دە مەترییەوە گوێی بۆ بگـــری، بۆیە بەرهەمهێنانـــی تەكنەلۆژیای نوێ ســـپیكەری جۆری BoomBoxیـــان بەرهەم هێناوە، كە لـــە تەكنەلۆژیایەكی نوێ بەناوی NearFA سوود وەردەگرێت و لەگەڵ گشت مۆبایلە هۆشمەندەكان دەگونجێت. ئاستی بەرزی دەنگی



# تەلەڤزیۆنە سێ ڕەهەندی و چەماوە و سمارتەکەی سامسۆنگ

سامسۆنگ و ئێل جی وەك دوو کۆمپانیای گرنگی تەکنەلۆژیای نوێ پێکەوە لە رکابەرییەکی جددی دان، گەرچی هەردووکیشیان هی کۆریای باشوورن، ئەم رکابەرییەش وای کردووە کە هەمیشە چاوەڕوانی بەرهەمی نوێ و بەتایبەتمەندی نوێیەوە لەو دوو کۆمپانیایە بین.

یەکێك لە نوێترین بەرهەمەکانی سامسۆنگ تەلەڤزیۆنێکی OLED چەماوەیە کە لەیەك کاتدا دوو دیمەنی سێ ڕەهەندی نیشـــان دەدات، ئەوە بەو مانایە دێت کە لەیەك کاتدا دوو کەس بە ســـوود وەرگرتن لە چاویلکەی تایبەت بە سێ ڕەهەندی دوو دیمەنی جیا دەبینن بۆ نموونە یەکێك سەیری فیلم دەکات و ئەویتریان گوێ بە هەواڵ دەدات. گۆڕینی کەناڵەکەش بە دوگمەیەك لەســـەر چاویلکەکە ئەنجام دەدرێـــت. گرنگ لەوە دایە کە بەهۆی چاویلکەکـــە و هیدفۆنێکی تایبەت ناهێڵێت دەنگی هیـــچ کام لەو دوو کەناڵە تێکەڵ بەیەك بن، هەرکەســـە و گوێی لەدەنگی کەناڵەکەی خۆی دەبێت.

تەلەڤزیۆنەکـــەی سامســـۆنگ کە بـــە 3D dual View ناســـراوە زۆر وەك ســـینەمایەکی ســـێ ڕەهەندی دەچێت، چونکە بەهۆی ئەوەی کە چەماوەیە راست وەك پەردەی سینەما دەبیندرێت.

## بۆ مۆبایلی سمارت



سپیکەرەکە 100 هەتا 20 کیلۆ هێرتزە و شەحن دەبێتەوە، هەتا 10 کاتژمێر کارکردن شەحنەکەی دانابەزێت. کۆمپانیای بەرهەمهێنی ســـپیکەرەکە رایدەگەیەنێت کە ســـپیکەرەکە پێوســـیتی بە بلوتوس یا وایەرلەیســـی دیکە نییە، تەنیا ئەوەندە بەســـە کە ســـپیکەرەکە پێ بکەی و مۆبایلەکەت لەسەر ســـپیکەرە دابنێی ئەو ئاوازەی کە مەبەستتە پێی بکەی. ســـپیکەرێکی لەم چەشـــنە بۆ وەرزی بەهار کە گەشت و سەیران خۆش و زۆر دەبن زۆر پێویستە.

# پێنووسێكی سیحری هەتا هەتایە پێی بنوسە!!



قەڵەم گرنگترین ئامراز و سەرەتاییترین ئامرازی پەروەردەی مرۆڤەو مێژووەكەی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، هەر ئەو قەڵەمەی كە پێی دەگوترێت قەڵەمدار مێژوویەكی سەدان ساڵەی هەیە، ئەگەر رۆژێك قەڵەمێك بێت قەت مەرەكەبی نەبێت، قەت نەتراشرێت و هەمیشە و بۆ ئەبەد بنووسێ دەبێ چەندە گرنگ بێت؟

كۆمپانیای Pininfarina كە كۆمپانیایەكە ماشێن بەرهەم دێنێت واتە دیزاینی ئۆتۆمبێل دەكات وەك ئۆتۆمبێلی فیراری، مازراتی، فیات.. ئەو كۆمپانیایە بەم دواییە قەڵەمێكی بەرهەم هێناوە. قەڵەمەكە كە بە EVER Pininfarina Cambiano ناسراوە ستایلێكی جوان و سەرنجراكێشی هەیە، لە ئەلۆمینیۆم و دار چێكراوە، ئەو قەڵەمەدا هیچ مەرەكەبێكی تێدا نییە، لەبری ئەوە نوكی قەڵەمەكە لە كانزایەك بەناوی ethergraph چێكراوە كە دەكرێت بۆ هەمیشە پێی بنووسرێت. پێدەچێت كاتێك نوكی قەڵەمەكە بەسەر كاغەزدا دەهێنی، هەندێك لە مادەی ئەو كانزایە بە كاغەزەكەوە بنووسێت و وەك قەڵەم دار بنووسێت.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك



خوێنەرێكی بەڕێز پرسیارێكی ئاراستە كردووین و دەپرسێت، جیاوازییەكی زۆر هەیە لە نێوان office2013 و ئەوانی دیكە، هەم لە بواری ستایل و دیزاینەوە هەم لە بواری توانا و كاركردنەوە، ئایا من كامە OFFICE بەكار بێنم؟ خوێنەری بەڕێز ئەوەیان بەستراوەتەوە بە كار و ئەركەكانی خۆت كە كامە ئۆفیس بەكار دێنی، ئەگەر كار و ئەركی تۆ تەنیا تایپ كردنێكی سەرەتاییە ئەوە پێویست ناكات ئۆفیس 2013 دابەزێینە سەر كۆمپیوتەرەكەت، بەڵام ئەگەر كاری گرنگی تایپ كردن وەك تایپی كتێب یان (بحپ تخرج) ئەنجام دەدەی ئەوە ئۆفیس 2013 بەم هۆیەوە زۆر گرنگترە، یەكەم ئەوەی پەیوەندی بە تایپ كردن و كاراكتەری گرنگ بێت لەو ئۆفیسەدا هەیە، هەروەها ئۆفیسەكە بەبێ بوونی هیچ پرۆگرامێك، فایلەكان دەكاتە PDF و لە هەموو ئەوانە گرنگتر، ئەو فایلەی كە دەینووسی ئەگەر هێڵی ئینتەرنێتت هەبێت، كاتێك سەیڤت كرد لە سكای درایف دا خەزن دەبێت و ئەوكات بە لێدانی ئیمێل و پاسۆردی تایبەت بەخۆت دەتوانی فایلەكەت بێنیەوە و خەمی كوژانەوە و سڕانەوەی فایلەكەشت نییە.

## ئەیسۆس گۆڕانكاری لە كۆمپیوتەری دیسكتۆپدا پێكدێنێ



لەم چەند ساڵەی دواییدا بازاڕی كۆمپیوتەری سەرمێز واتە دیسكتۆپ تا رادەیەك بەرەو كزی رۆیشت، چونكە كۆمپیوتەری سەرمێز لە چەندین پارچەی لێكجیا پێكهاتووە و هەركام لە پارچەكان شوێنی تایبەتی دەگرن بۆیە لاپتۆپ تا رادەیەك شوێنی دیسكتۆپی گرتۆتەوە، ئەگەرچی بۆ كاركردن بەتایبەتی كاری گرافیكی و دیزاین و مۆنتاژی فیلم كۆمپیوتەری سەرمێز گونجاوتر و كاراترە لە لاپتۆپ، لاپتۆپ زۆرتر بۆ كاری بچووكی رۆژانەی تاكەكەسی گونجاوە، بەڵام لەم دواییەدا كۆمپانیای ئەیسۆس هەوڵیداوە كۆمپیوتەرە سەرمێزەكان بكاتە یەكپارچە و كەیس و مۆنیتۆر و سپیكەر بكاتە یەك... نوێترین كۆمپیوتەری یەكپارچەی ئەیسۆسیش كۆمپیوتەری جۆری ET2702IGTHە كە 27 ئینجە. كە دوایین تەكنەلۆژیای نوێی تێدا بەكارهاتووە. كوالیتی شاشەكەی سەرووی فول ئیچ دییە، دەكرێ بڵێین باشترین كارتی گرافیكی بۆ نیشاندان و باشترین كارتی دەنگی بۆ گوێگرتن بۆ داندراوە. سیستەمی ویندۆز8ی لەسەرە. گشت تەكنەلۆژییەكی وایەرلەیسی تێدایە.



## دووربکەویەوە لە کۆمپیوتەر قفڵ دەبێت

کۆمپیوتەر وەك ســەرچاوەیەکی گرنگی داتــاکان هەژمار دەکرێت، بەشــێك لە داتاکان زۆر تایبەتن و پێویست ناکات کەسانی دیکە بیزانن، بەڵام کە کۆمپیوتەرەکەت بە پاسۆرد واتە کۆدی نهێنی دانەخەی لە دزە کردنە ناو زانیارییەکان دڵنیا نابی، کەچی پاســۆردیش کێشەی خۆی هەیە، چونکە زۆر جاران لەبیر دەچێتەوە، بەڵام لەم ماوانەدا ئامرازێکی بــە قــەد میدالیای ســویچ بەنــاوی Gate keeper chain چێکراوە کــە کاتێك لە کۆمپیوتەر دوور دەکەویەوە سیســتەمەکە بە شــێوەیەکی ئۆتۆماتیکی قفڵ دەبێــت و کاتێکیش لە مێزەکەی خۆت نزیك بوویەوە دەکرێتەوە. کێشەکەی تەنیا 4 گرامە. لەگەڵ سیستەم 7 و 8 دەگونجێت، ئەو ئامرازە هەر تەنیا لە کۆمپیوتەردا سوودی لێوەرناگیردرێت بەڵکو بە دانانی ئەپلکەیشنێك لە مۆبایلدا کاتێك کە لە مۆبایلەکە دوور دەکەویەوە ئاگاداری خاوەنەکەی دەکاتەوە.

## سایتێک بۆ هەموو مەبەستێک



ڕەنگە تا ئێستا لەگەڵ سایتی Wolfram Alpha ئاشنا نەبووبن، ئەو سایتە لە ڕاستیدا کەشکۆڵێکە لە هەموو زانیارییەك کە مەبەستتە. تەنانەت سیستەمی دەنگی کۆمپانیای ئەپڵ کە بە Siri ناسراوە بۆ ئەنجامدانی 25% ئەرکەکانی لەو سایتە سوود وەردەگرێت. لێرەدا ئاماژە بەچەند ئەرکێکی گرنگی ئەو سایتە دەکەین.

بەراوردکاری: ئەگەر وشەی VS کە بەمانای بەراوردکاری لە زمانی ئینگلیزیدا دێت لەگەڵ ئەو وشانەی کە مەبەستە سێرچ بکەی بەراورد ئەو شتانەی مەبەستتە دەکات، بۆ نموونە بەراورد لەنێوان دوو کۆمپیوتەر، دوو کتێب، دوو سایت، دوو شار...تاد.

زانیاری لەبارەی خۆراك: ئەگەر ناوی خۆراکێك لە سێرچەکەی دا بنووسی زانیاریی ورد لەبارەی ئەو خۆراکەوە دەڵێت.

لێکدانەوەی وردی بیرکاری: ئاڵۆزترین و سەخترین پرسیارەکانی تایبەت بە بیرکاری و ماتماتیك دەکرێت لەو سایتە بپرسی.

نیشــاندانی شــوێن: ئەگەر لێی بپرسی من لە کوێم؟ شوێنی جوگرافیت، ئای پی کۆمپیوتەرەکەت و هەموو زانیارییەك سەبارەت بە شوێنی جوگرافیت نیشان دەدات، وەك وتم سایتەکە کەشکۆڵێکە بۆ هەموو زانیارییەك کەوایە سەرێك لەم سایتە بدەن.

## پرۆگرامێک بۆ دەستکاری کردنی وێنە




هەرکاتێك باس لە دەســتکاری کردنی وێنە دەکرێت دەست بەجێ بیر لە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دەکرێتەوە، گەرچی ســەدان پرۆگرامی دیکە هەن کە لە زۆربواردا لە فۆتۆشۆپ لەسەرترن بەڵام یەك ئەرك ئەنجام دەدەن. کارکردن لەســەر فۆتۆشۆپ بۆ ئەوانەی کە شارەزایی پرۆگرامەکە نین دژوارە، کەچی پرۆگرامگەلی دیکە هەن کە بۆ کەســانی ناشــارەزاش کارکردن لەسەریان سەخت نییە. پرۆگرامی Xara Photo & Graphic Designer یەکێك لەو پرۆگرامانەیە کە تواناگەلێکی زۆری هەیە کە بە بەراورد بە فۆشــۆپ راســتە لەیەك ئاســتدا نین بەڵام زۆریش کەمتر نییە. تەواوی تواناکانی پێویســت بۆ دەستکارکردنی وێنە و پشتیوانی کردن لە گشت فۆرماتەکان لەو پرۆگرامەدا هەن. هەروەها دەکرێت وێنەشی پێ بکێشرێتەوە. تەنانەت بەیەك کلیك وێنەکەی خۆت دەکەی بە وێنەیەکی تابلۆیی کە وا نیشان بدات بە دەست کێشراوەتەوە. توانای چێکردنی رۆژمێری ســەرنجراکێش، چێکردنی لۆگۆ زۆر بەئاســانی، کارتی ریکلام و بەرگی DVD و بەرگــی کتێب و...تاد. زۆربەی تواناکانی فۆتۆشۆپی هەیە لەگەڵ ئەوەیدا قەوارەکەشی کەمە.